# بەیان

ژمارە - ٣٣ -
کانوونی دووهەم و شوباتی
ساڵی - ١٩٧٦ - ی زایینی
٢٦٧٥ - ی کوردی



# گەشتێک بە جیهانی مەولەویدا

ئەنوەر قادر محەمەد

سەیر نی‌یە ئەگەر من هۆگری شیعری مەولەوی‌بم . چونکە شەوانی زستان .. شەوانی بەفر بارین بێدار بوومەتەوەو باوکمم بەسەر بەرماڵەکەیەوە بینیوە ، ئاو بەچاویدا ئەهاتە خوارەوەو بەسۆزێکەوە ئەیوت :

**میهمان غەریب وە زام نەوەوە**

**سەر نیا وە خاك ئاسانەی تەوەوە**

لەدەمی پێگەیشتن‌و گەورەبوونی تەمەنیشدا زۆر جار لە خۆرئاوابووندا گۆرانی‌ی خەمناکم گوێ لێ‌بووە ، دێڕەکانی شیعری مەولەوی بوون . چوومە سەر گۆڕە تەریکە لاچەپەکەیشی ، لەگەڵ ( عەنبەر خاتوون )دا کەڵەکێکیان بەدەورا کراوە . دوور لە جیهان ، دوور لە ڕووناکی‌ی کزو کوژاوەی دنیا . دوور لە هەموو شتێك‌و نزیك لە ( ئازیز ) ، ئەو ئازیزەی هەموو جوانی‌ی دنیا تیشك‌و ڕەنگدانەوەی ئەوە . ئەو قەباڵانەش کە لە ماڵی نەوەکانیدا بینیم هەر ڕاستی‌ی ئەم قسەیە دەرئەخەن(۱) .

لەچاوی مناڵەکانی ( تاوەگۆزی)دا .. ساکاری‌و بێ‌گەردی‌ی ئەم شاعیرە مەزنەم ئەبینی . وەختێ بە دەریاچەی لای گۆڕستانەکەیدا ئەگەڕاینەوە ، پۆلێ مەلی سپی بووبوونە چەتری سەرمان‌و ئەسووڕانەوە . خۆشەویستی‌ی ئەم شاعیرەو شینایی‌و قووڵی‌ی گۆلاوەکەی (دەربەند)و ئەم دیمەنانە خستبوومیانە شادی‌و گەشانەوەیەکی بێ‌وێنەی واوە ، وام ئەهاتە پێش چاو مەولەوی ئەم باڵندانەی بۆ بەرێ‌کردن‌و دوعا خوازی‌ی ئێمە ناردووە .

جارانیش کە بە شەقام‌و کۆڵانەکانی شاری ( هەڵەبجە )دا ئەسووڕامەوە بەبیرما ئەهات ، مەولەویش بەم ڕاگوزەرانەدا ڕابووردووەو لەم مزگەوتانەدا ماوەتەوە . بۆیە هەستم ئەکرد دۆستایەتی‌یەکی نهێنیم لە تەکیا هەیە . زۆر جار ویستوومە لەدەریای بێ‌کەناری ئەم مرۆڤەدا پەل‌بهاوم . نەمتوانیوە بەتەواوی ڕێگا دەرکەم . بەڵام هەرچۆنێ بێ لێرەدا ویستوومە سەرنجێ لەم سێ شیعرەی بدەم‌و لێیان وردبیمەوە(۲) .

## هۆنراوەی یەکەم

دنیای مەولەوی تا چاو هەڵخەی پان‌و بەرینە . سروشت هەر سروشتە ڕووتەکە نی‌یە .. درەخت ، کەژ ، با ، شەماڵ ، پایز ، تەم ، کۆچ ، چنار ، سیماڵ

... هتد . ئـەم شتانە هەموویـان رەمزن‌و شـاعیر هەست‌و سۆزو ئەندیشەی خۆیان ئەخاتە سەر زمان . هەموو ئەمانە بە مرۆڤ‌و ئەندێشەی مرۆڤەوە توند توند شەتەك دراون .

مرۆڤێك لە ناوەڕاستی گەردوون‌و سروشت‌و بووندا وەستاوەو ئەم شتە بچکۆلانە لەیەك ئەداو کۆیان ئەکاتەوە . یان دیمەنی هەموویان وەرئەگرێ‌و وردیـان ئەکاتەوە . لای ئەو مەخسەد هەر ئەوەیە بەو (ئازیز)ە بگات کە لە جوانی‌یەکەیدا تواوەتەوە . شاعیر مرۆڤێکە بەگیان‌و سۆزێکی سۆفییانەوە ئەڕوانێ‌و زۆر جار لـە گەڵای وەریوی درەختێکدا ناوی ( مردن ) دێنێ . لەگەڵ « شنەی گوڵاڵەی پای بەفراوان »دا گۆرانی‌ی گـەرم‌و گوڕی ژیان ئەڵێ . هەر بێ ئەنێمە جیهانی ئەم شاعیرەوە، دێرە شیعرێکی شاعیرێکی فەرەنسایم دێتەوە یاد کە ئەڵێ : « هەموو ئەستێرەکان بە زنجیرێـك بەیەکەوە ئەبەستم ، بەتەلی خەم‌و ئەندێشەم بورج‌و کۆشکەکان لێك ئەدەم‌و لەناویانـدا سەما ئەکەم » . شاعـیرەکەی ئێمەش هەروای کردووە . لە جیهانی ( مەحسووس ) ئەگەڕێ بۆ ئەوەی کەرەسەی ( بیری ڕووت ) کۆبکاتەوەو دایڕێژێت . کۆچ ، دوورکەوتنەوە لە یار زیاتر یاری لێ نزیك خستۆتەوە ، زیاتری هێناوەتە پێش دیدەی . لە زوربەی شیعرەکانی‌تریدا وەك ئەم شیعرەی ، سروشت وەك ئەو وایە نەك ئەم وەك سروشت وابێت :

**چون وەڵگ شـادی من وای دووری‌ی لەیـــل**
**وەیشووم بەرد ئەو هـەرد نەورەشتەی سوەیل**

لەم دێڕەدا دوو جۆر ( با ) هەیە : « بای دووری‌ی لەیل » و « بای وەیشووم » بایەکیان لە سروشتـــدا هەیە . بایەکیشیان لە دوورگەی خـەمی ئینسانێکەوە هەڵیکردووەو زادەی بـیرو هەستی ئەوەو لـە تۆێی وشەو وێنەیەکدا خستوویەتیە ڕوو . سەرماو سۆڵەی شاخەکان بۆنی بێ‌وەفایی ( لەیل )یان بیرخستوەتەوە .. چنارێك گەڵای بوەرێ‌و ڕووت‌و قووت ببێ چی ئەکا ؟ ! لەڕاستیدا هیچ ! بەڵام شاعیر وەك خـۆی لێکردووەو ئەڵێ خـاك‌و خۆڵ ئەکا بـە سەریدا ... ئـەم وێنانە ( اسقاط نفسی )ن .. شاعیر خۆی دنیاکەی لەبەرچاو هەژاوە ، کەوتۆتە حاڵێکی واوە ڕێچکەی ئاهی دەروونی هەموو جیهانی بەرەنگێکی مات‌و خۆڵەمێشی لەپێش‌چاو ڕەنگ کردووە. سروشتیشی والێکردووە کە هاوبەشی‌ی بکا .. رەنگە لێرەدا پایزو باری نەفسی‌ی مەولەوی ، تەبیعەت‌و شاعیر یەك بن . بـەڵام جاری وا هـەیە بە پێچەوانەوەیە :

**ئیمســاڵ نەوبەهــار چون خـەزان سـەرد**
**بەرگ وەرد باغ ( مەعدووم ) بەرد پەی هەرد(۳)**


لەم دێڕەدا بەهارەو کەچی ئەم لـە شەوەزەنگ‌و خەزان بـەولاوە هیچی‌تر نابینێ . شاعـیر یاساکانی سروشت بە ئارەزووی خۆی‌و بۆ مەبەستی خۆی تێك ئەداو بنیاتی ئەنێتەوە .

دوایی ئەڵێ وەی چۆتە کۆڵی بی‌و ئەمەندەی گەڵا وەریوەو گەڵاش وەریوەتە ناو گۆماوەکان . ماسی‌یەکی زۆر ژاڵ لێ‌ی‌داوەو کەوتۆتە سەر ئاوو ئەمەش بۆئەوانە باشە تووشـی نەخۆشی زەردوویی بوون . لێـرەشدا جۆرە ( صیرورە )و نەوەستانێك بەدی‌ئەکەین . هەموو حاڵێك حاڵێکی‌تری بە دوادا دێ‌و حاڵەکەش حاڵێکی‌تر .. وەرینی گـەڵای بی بۆتە هۆی کوشـتنی ماسـی ، کوشـتنی ماسیش بۆ ئـەو ئینسانانە باشـە تووشی نەخۆشی‌ی زەردوویی بوون .. شاعیر ڕەنگە بڵێ هەموو شتێ بێ هۆ نی‌یەو لەخۆیەوە نی‌یە ، بەڵکو بە چەنـد شتێکەوە بەسـتراوەو یـەك کار لەیـەك ئەکەن‌و بـە هەمووشیانەوە ڕێبازی ژیان‌و بوون پێك‌ئەهێنن .

مەولەوی بۆ هەموو عیلەتێکی واقیعی ، شتێکی‌تری لە بیرو هەسـتی خۆی هەڵگۆزیوە . ڕاسـتە شاخ لە پایزو دەمەو زسـتاندا تەم ئەیگرێ‌و بەفـری سپی ، لووتـکەکەی دائەپـۆشێ‌و هـەوریش وێـڵ .. وێڵ ئەسووڕێتەوە .. ئەمانـە مەعلوولی زسـتان‌و پایزن‌و ئەگەر ئەوان نەبن هەزار « گەردن بێ‌گەرد » کۆچ بـکا شاخەکان هەروەك خۆیان ئەمێننەوە . بەڵام ئەم وازی لەو شتە سروشتی‌و جوگرافیانە هێناوەو ئەڵێ کـۆچ کردنی نازدارانەو لەیل ون‌کردنە .. لێرەشدا مەولەوی نایە لاسایی تەبیـعەت بکاتـەوە ، بەڵکـو تەبیعـەت‌و کەرەسەکانی بە ئارەزووی خۆی دائەڕێژێتەوە . واتـە ئەو لە ( ئێستا )ی بـێزارەو ئەیەوێ جیهـان وەك ئەو نەخشەیە وابێت ئـەو بۆی ئەکێشێ ، کـە واشی‌کرد بێ‌گومان کەژەو وەرزو هەمـوو شتێکی سـروشتی لە بەرهەمەکانیدا بە ئارەزووی خۆی ئەنەخشێنێ .

شاعیر ئەڵێ‌ی حسابێکی ئەوتۆ بۆ ( مادە )و جیهانی مـادە ناکات ، چونکـە هەمیشـە ئـەو وێنـە خەیاڵاوی‌و دەروونیانەی لە دنیای مەعنەوی‌و گیانـەوە

هەڵقوڵاون لە پلەی یەکەمدا دائەنێو سروشتو شت بە ئەو ئەشوبهێنێ . ئەمەش زیاتر بیری ئایدیالیستی سۆفیانەی شاعیر دەرئەخات ، کە گیان سەرچاوەیەو لە سەروو هەموو شتێکەوەیە،ئەڵێ : چۆن ریشەی گیانو دڵ بە نمی ئـارەقی خۆشەویـستی گرێ ئەبەستێ ، ئاواش کەزیی یاران نمەی بارانیان لەسـەر کەوتووە ... ئەگەر بێینە سەر واقیع نمەی بارانی سەر زوڵفی نازداران وێنەیەکە بەچاو ئەبینرێو ریشەی گیانو نمی ئـارەقی خۆشەویستی لـە ئەوەوە وەرگـیراوە ، بەڵام مەولەوی ئاوەژووی کردوونەتەوە . ئـەمی پێش ئـەو خستووە . هەروەها ئەڵێ : « قازان مەکەران رازان » و « جەیرانان ـ ئاسکان ، تازە کەردەن مەیل » .. تەنیـا چەم سیاوەکەی شاعیر سەرمەستی شنۆی لەیلاخـەو بۆی نەوپایز لەکەلەی نەداوە .... لەم وێنانەدا هەموو شتێ بەیەك ئەگەن ، نازدارانو دڵدارانو قازان هەموو بەدڵداری یەکتر شادن .. تەنیا شاعیر لە گەرمەسێرەو یارەکەشی لە کوێستانە ، ئەمە ڕاستیی ئەوە دەرئەخات کە ( ئازیز ) تەنیا ئافـرەتێکی ڕووت نییە ، رەمـزە بۆ (مستحیل) ، بۆ ئەو نوورە پاکەی کە لە وڵاتی گیانـدا سۆفییەکان بەشوێنیا وێڵنو ئەویش جاروبار خـۆی دەرئەخاتو ون ئەبێ .. ئازیزەکەی ئەم ئاسـکەکەی (محیالدین عەرەبی)یە .. ئەینا بۆچی ئەبێ هەموو خێڵ بێتەوەو ماڵی ئازیزەکەی شاعیر بەتەنیا ماڵە لەکوێستان بمێنێتەوە ؟! من لە توێی ئەم دێڕانەدا هەست ئەکەم شتێکی شاراوە هەیەو ئەم ئافرەتە ئەگەر لە واقیعـدا بووشبێت ئەوا رەمزەو ئاوێنەیەکەو خۆشەویستییەکی پاكو مەزنتری تیا ئەدرەوشێتەوە . ئـەگەر بە مەنتیق لێکیبدەینەوە نەهاتنەوەی (تەنیا ماڵێ ) لە کوێستان لە پایزدا شتێکە نەبووەو نابێ ، چونکە رێی تێ نـاچێ لەسەرمای پایزدا دەوارنشینێ لەناو کەژو کێوەکانـدا مان بگرێو بمێنێتەوە . ئەگەر باوەڕمان وابێ ، ئـەو وەختە زیاتر ئەچینە سەر ئەو ڕایەی کە مەولەوی ئەم ڕووداوەی وەك ( ماسـك ـ قناع )ێـك بەکارهێـناوە ویستویەتی بڵێ .. ئەو خەڵکە هەموویان بە سـاکاری ئەژینو قووڵ نابنەوە . مرۆڤی ئەوە نین ئەو ڕێگا دوورە بگرنە بەر کە من گرتوومەتە بەرو من لە ئەوان جیام . ئەگەر لەئەوان جیا نەبم بۆ هەموو دێنەوەو بەیەك ئەگەنو تەنیا یارەکەی من بۆی پایز نادا لە لووتی ؟! واتە ئەوان لەلایەکنو من لەلایەك ، ئەوان زوو بە مرازو کاوی دڵ ئەگەن ، چونکە ئەو هیوایەی ئەوان دووی کەوتوون وەك



هی من کالای ئاسنو پێتاو لەپێکردنی ناوێ ، وەك من خۆپاك کردنەوەو خـۆ سووتاندنی نـاوێ . ئاشکرایە ( سۆفیزم ) لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێبازەو هـەر ڕێبازەش کۆمەڵێ کەسی لـە دەور کۆئەبێتـەوە ، بـەڵام زیاتر ڕێگایەکی تاکە کەسییەو زیاتر کەوتۆتە سەر ئینسانەکە خۆی . ئەتوانین بشڵێین جوڵانەوەیەکە ئەگەر لە چوار چێوەی مێژووشدا بیەوێ شتێ بکات . تەنیا مەبەستی مێژوو و جیهانی مـادی نییە . بەڵکـو ئازادبوونەکەش ئازادبوونێکە لە جوغزێکی میتافیزیکیدا ئەسووڕێتەوە .

دوایی شاعـیر داوا لە شەماڵ ئـەکات ، لافاوی چاوی ، تەمی دڵیو زەردیی ڕەنگی بەرێو بە چـەمو کەژو گەڵای داراندا بڵاویانکاتەوە ، هەتا ئیتر وازبێنێو لێرەدا پایزی خەمو ئەندێشـەی مەولەویش چـووەتە سەر باو سەرماوسۆڵەی پایز . وردەکارییەکی ئێجگار جوانی تیایە :

لافـاو        تەمی لووتـکە        گەڵای زەرد

فرمێسك        تەمو پەژارەی دڵی        ڕەنگی شاعیر

دیـارە دوای ئـەم پایـزەیتر ( لەیـل ) بـەو خۆشەویستییە بێسامانەیەوە ئەپرسێ : هەواڵی دامین چییە ؟! شەماڵ تۆش پێیبڵێ :

« پـڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش »

شاعیر ئەوەنـدە بیری لە ئازیزەکـەی کردۆتەوە ، خۆی لەبیرچۆتەوەو گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی لە ئـەودا



بتوێتەوە ، ئەگەر ئەمە توانەوە ( فناء )(٤) نەبێ چی‌یە ؟ سۆفی‌یەکان لە کوورەی خۆشەویستی ئەزەلیدا ئەتوێنەوە . ئەینا کام ئینسان لە خۆشەویستی‌یەکی ساکارو تەمەن کورتدا خۆی لەبیر ئەچێتەوە ، لەو خۆشەویستی‌یە تەنکەدا کە بە نیرگزیەت‌و خۆ خۆش ویستن ئەزانرێ . ئەم گەیشتۆتە رادەی ئەوەی لەباتی خەو « خەیالی بالآی یار » لەچاویا میوانەو خەو رێی نی‌یە بەدیدەیا تێپەڕێ ، دەردو پەژارەشی لەدەروونیەوە سەری کردووەو بەرز بۆتەوەو هەموو ولآتی گرتۆتەوە . ئەوەندە لاوازبووە گرەوی لە پووش‌و پەلآش بردۆتەوە ، بەلآم لەگەلّ ئەم هەموو ئازارەشیا هێشتا سروەی پووشی گیانی لە رووی تاسەوە ئەلێ : هەر ئاسکەکەی من شەنگ‌و جووانە . تەنانەت بڕبوونەکەشی لە ئاسکەکانی‌تر جۆرە شیرینی‌و دانسقەیی‌یەکی پێ ئەبەخشێت . شاعیر لە دلّەوەو لەژێر لێوەوە ئەلێ ئاسکەکەی من بۆیە جوانە چونکە پێی ناگەم . رێگاکەی من بۆیە پیرۆزە چونکە سەختەو بەمەنزلّ گەیشتنی ئاسان نی‌یە . لەدواییدا ئەلێ هەموو ئاسکەکان چاوەڕێی تۆن‌و دەسدای تۆن .. دەوەرەوە بۆ گەرمەسێر ...

**چەند وردە تێبینی‌یەکی‌تر**

١ – شاعیر توانیویەتی – تناسق – ێکی زۆر ڕێك‌و پێك لەم تابلۆیەدا دروست بکات . ئەو **تەناسقەی کە لە هونەری بەرزدا نەبێ بەرچاو ناکەوێ .** بۆ کێشانی نەخشەی پایزو دەرخستنی باری نەفسی‌ی خۆی دەیان وێنەی ریزکردووە : « وەیشووم..چناری خانر ریّش .. بی‌کۆلّ وەی وەکۆلّ .. هەوری ئەو ........ هتد » . توانیویەتی نارِاستەوخۆ و بە قوولّی لەم وێنانەوە هەست‌و بیری خۆی دەربڕێت .

٢ – هەرچەندە مەولەوی زوربەی شیعرەکانی بە کێشێکی تایبەتی‌ی فۆلکلۆری ( ٥+٥ = ٥+٥ ) وتوە . شاعیرێکیش ئەگەر سەرجەم شیعرەکانی بەیەك کێش **بلێ جۆرە لاوازییەك روو لە شیعرەکانی دەکا .. بەلێ !** لەگەلّ ئەمەشدا جۆرە سۆزو تێکچرژانێکی موسیقایی زۆر بەتین لە شیعرەکانیدا ئەبینین . دەنگ‌و ئاوازو خرۆشانی پیت‌و وشەکان لەگەلّ هەلّچوون‌و دامرکاندنەوەی باری دەروونی شاعیردا بەرزو نزم ئەبنەوە .

وەلّگ شادی مـن .. وای دووری لەیل ..
وەیشووم بەرد ئەو هەرد ..

وی کۆلّ وەی وە کۆلّ .. پەی زەردان دەرد ..
ماساو نەسەراو .. ریزان هەرزان کرد .... هتد

خوێنەر ئەتوانێ لە خوێندنەوەی تێکستەکەدا هەست بەم مۆسیقاو سۆزە بکات .

٣ – شیعرەکە دەنگی تیایە و هەست بەوە ئەکەین ( دیالۆگ )ێکی سەرەتایی‌یە :

**مەپرسۆ بەو مەیل بێ سامانەوە**
**های چ خەبەرەن جە دامانەوە**
**واچە پڕ جە تۆ جە وی فەرامۆش**
**من دیم تو حالّش نەژنەوی وە گۆش**

دەنگی یەکەم لەیلەو بەو مەیلە بێ‌سامانەیەوە ئەپرسێ . شەمالّیش چەپەری مەولەوی‌یەو وەلآمی ئەداتەوە « پڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش» ... ئەمەش زیاتر بەرینی‌ی جیهانی بیری شاعیر دەرئەخات کە نەیتوانیوە بەتەنیا دەنگێك هەموو سۆزو ئەندێشەی خۆی دەربڕێت‌و پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە دیالۆگە

## هۆنراوەی دووەم

عەنبەر خاتوون لە شیعرەکانی مەولەویدا

جێگایەکی دیارو بەرزی هەیەو چەند هۆنراوەیەکی ئاگرینی بەشاعیر وتووە . زیاتر لە ( مردن )و کۆچ کردنی نزیك خستۆتەوە . وای لێکردووە سامو ترسناکیی مردن بەچاوی خۆی ببینێ . مردن لای شاعیر مردنی عەدەمی‌یەك نی‌یە ئیتر هیچی لەدواوە نەبێت . نەء ! ..

لای ئەم مردن کۆچە بۆ دوورگەیەکی‌تر ، کۆچە بۆ دنیایەك هەمیشە لێی‌ترساوەو لەوە دوودڵ بووە ، ئاخۆ پاسپۆرتی ئەو جیهانەی پێیە یان نەء(٥) .. شاعیر ( عەنبەر خاتوون )ی بە سێبەری جوانی‌یەکی نەمرو پاك زانیوە . بۆیە بە فرمێسك ئاوڕشێنی ئەکاتو بە برژانگ ئەیماڵێ .. بۆ ئەوەی گەردێ بەڕووی تۆڕەکەیەوە نەبێت . چونکە ئەو گۆڕە پەرستگای ( قەیس )ی دڵبریندارە .. ئەڵێ :

**بەڵ بالای ئالاش وەصەد خەمو چەم**

**باز وینوون بێ‌خەم وەی چەم یا ئەوچەم**

لەم دێڕەوە قووڵ ئەبێتەوەو ئەڵێ بەچاوی دڵ یا بەچاوی سەرو بەهەزار پێچو خۆچەماندنەوە بەشکەم باڵای یار ببینم .. دیسانەوە شاعیر ئەمانخاتەوە دەریا بەرینو بێ‌پەیەکەوە . ئایا یاری ناوگۆڕ بۆئەبێ بە چاوی دڵ ببینرێ ؟! خۆی دێ تەعلیلی ئەم دێڕەمان بۆئەکاتو ئەڵێ نەخۆش کەوتوومو قسە ئەبزرکێنم . ئەگینا ئەمانە کەی قسەن .. سۆفی‌یەکان جۆرە زمانو زاراوەیەکی تایبەتی‌یان هەیە وەك ئەڵێن یەك لەیەکتری ئەگەن زمانو قسەیان لەشتێکەوە باز ئەداتە سەر شتێکی‌تر . وەك چفرە وایە . جا رەنگە ئەم قسانە لای ئینسانێکی ئاسایی بزرکاندن بێ . ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی‌یەکی قووڵی وایە هەموو شتێکی تیا کۆبۆتەوە . مرۆڤێك سەرگەرمی لێکدانەوەی ئەم جیهانە ئەفسوناویو ئاڵۆزە بێ ، ئەبێ باری نەفسیو دەروونی چۆن بێ ؟! شاعیرێك ئەگەر ( عەنبەر خاتوون )ێکی لەچاو ونبێ ، بۆ وای لێ‌نەیەت بینۆگەی روانینی تەم دایپۆشێو نەکەوێتە ئاخ هەڵکێشان بۆ هەسوونێکی ڕماوی دەواری بیریو نەیلاوێنێتەوە . عەنبەر خاتوون هاوڕێی ڕێگاو سای درەختی گیانی بووە . بۆیە خستوویەتە سەر وڕێنەکردنو بزرکاندنێکی سۆفییانەوە(٦) . ئەم دێڕەی خوارەوە راستی‌ی قسەکەمان زیاتر ئەسەلمێنێت :

**فەصل وەصل بەزم خاصەی نەدیمان**

**خاوێ بی ویەرد ، دیمان نە دیمان**

ئەڵێ کۆڕی ئاهەنگی برادەران وەرزێبوو دیمانو نەماندی . لەم دێڕەشدا شاعیر ئەیەوێ وەختێکی بەسەرچوو بێنێتەوە یادو داخی بۆ بخوات ، یان گیانێکی نەمرو بەسەرنەچووی بکا بەبەردا(٧) . کەواتە مەولەوی وەختێ باسی خێزانەکەی ئەکات بە تەنیا وەك ئافرەتو هاوسەر باسی ناکات . بەڵکو مردنی ئەو ـ تداعی ـیەکە شتی‌تری وەبیر دێنێتەوە . ئەو سەرچاوەی هەموو ئەم وردە شتانە لە ـ کل ـ ێکدا ئەبینێ . هەموو ئەمانە دەزوولەنو بەو شتە گەورەوە بەستراون . ئەینا وەصلی بەزمی خاصەی نەدیمان ـ بۆ تاسەر نەبوو ؟ چونکە دنیا دنیایەکی بەمردن شێلراوە .. کەواتە :

**بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچ کەردە**

ئەم شیعرەو شیعرێکی‌تری ( مەولەوی )م بۆیە هەڵبژارد بیرێکی سەیری تیائەبینم . شاعیر وەك لە هەموو ئینسانێ ناهومێد بووبێ ، یان بیەوێ بە ناهومێد بوون لە ئینسان گەورەیی‌و مەزنی ( مطلق ) دەرخات . مردنی عەنبەر خاتوون مردنی هەموو ئینسانێکی هێناوەتە پێش چاوی. کەواتە ئیتر لەسەر ڕووی زەمیندا هەرچی هەیە ـ عارلس ـ ەو مانەوەو نەمری تەنیا بۆ موتڵەقە .

شاعیر وەك رەسامێکی بلیمەت تابلۆیەکی رەنگینت بۆئەکێشێ .. بە (مەنەڵۆگ)ێك(٨) و لەبەرخۆیەوە و لە دەروونی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا ئەدوێو ئەڵێ : لە گۆشەی ژووری کەشتی مەیدا دابنیشەو لە گێژاوی دەریایەکی بێ‌پەیدا ، بڕوانەرە ئەستێرەکانو هیچ کەشتی‌وانێك مەناسەو هەر خوا بناسە .. بەڵکە بای مراد لە وشکانی‌یەوە هەڵبکاو بتگەیەنێتە کەنار . ئەم وێنە تەکعیبی‌یە دینامیکیەتێکی ئێجگار بزواوو خرۆشاوی تێدایەو لەبەردەمتا بە ڕێکی قوتئەبێتەوە . دەریا بووە بە دەریای پەژارە ، ژوور ژووری کەشتی مەیە ، ئەستێرەکان تیشکی بەزەیی خوایان تیائەدرەوشێتەوە . ناخودا (کەشتی‌وان)یش کەشتی‌وانی‌ئاسایی نی‌یەو لای سۆڤی‌یەك شێخەکەیەتی ، با بۆتە بای مراد . تێکەڵ کردنێکی جوانە لەنێوان دوو دنیادا ( مەحسووس )و ( مەعنەوی ) ئەمەیە ئەڵێن شاعیر نەخشەی جیهان ئەسرێتەوەو خۆی سەر لەنوێ درووستی ئەکاتەوە . مەولەوی لەم روخسارو فۆرمە بەرزەدا بیری رەفزکردنی هەموو هێزێکی داڕشتووە .

شاعیری گەورەمان هەن تەلارکارێکی بەرزو باڵان بەڵام خۆ خەریککردنیان بە سەنعەتکاری‌یەوە گرو

بڵێسەی سۆزو خرۆشانی دەروونی تۆزێ سارد کردوونەتەوەو نەیانتوانیوە وەك مەولەوی قسە لەگەڵ ئیان بکەن . لەم شیعرەدا مەولەوی رەفزی هەموو ئیستگەو باڵیۆزخانەیەکی کردووەو ئەڵێ بێ پاسپۆرت بەرەو بارەگای هەق مل ئەنێم . چونکە مادام عەنبەر خاتوون مردو هەموو ئینسانێ ئەمرێ ، ئیتر بۆ لە موتڵەق زیاتر پەنا بۆ شتی‌تر ببەم(٩) .

## هۆنراوەی سێیەم

ئەم هۆنراوەیە وەڵامی مەولەوی‌یە بۆ شێخی ضیاءالدین‌و بەبۆنەی ئەو چەپکە وەنەوشەیەوە وتویەتی ، کە شێخ بۆی ناردووە . من لەم شیعرەو لە شیعری دووەمدا ، جۆرە یاخی‌بوونێك ئەبینم . چمکێ لەو پەیوەندی‌یەم لا ڕوون ئەبێتەوە کە لە نێوانی شاعیرو شێخەکانیدا هەبووە(١٠) . ئەم پەیوەندی‌یە لە دوو مەیدانی جیاو نزیك لە یەکدا خۆی ئەنوێنێ . لە دوو چەم ئەچن کە بچنە سەریەك‌و ببنە ڕووبارێ . ئەم پەیوەندی‌یە دوو ڕووی هەیە ، پەیوەندی‌ی ئایینی‌و هی کۆمەڵایەتی . لە هەردوو ڕووەکەوە کۆمەڵێك لق‌و پۆپ‌و چڵی خوو ڕەوشت‌و داب‌و دەستوور بەرز بوونەتەوەو لەیەك ئاڵاون‌و چوون بەناو یەکتری‌دا . لە مەیدانە ئایینی‌یەکەدا کە ( سۆفییەت )ەو بریتی‌یە لە سووتان‌و خۆشەویستی‌و خۆپاك کردنەوە ، وەك مەیدانە کۆمەڵایەتی‌یەکە ، هەندێ شتی وا هەیە کە جێ‌ی ناکۆکی‌و دڵساردی‌و لێك زیزبوون بێ .. جا لەم شیعرەشدا هەست بەو دڵساردی‌و شلی‌ی پەیوەندی‌یە ئەکەین .

حەلاج لە دوا دوایی تەمەنیدا هاواری ئەکرد ( أنا الحق ) .. مەولەویش لەم شیعرەو شیعری دووەمدا جۆرە کزەو سۆزێکی‌وا بە ئاسماندا ئەپرژێنێ .. شاعیر لە سەرەتادا ئەڵێ « چەپکە وەنەوشە »کەت تۆزی دەروونی شۆردمەوە ، عەشقە کۆنەکەی نوێ کردمەوەو بۆنی بۆی وەفای لەیلی هێنا . بۆچی ئەبێ عەشقەکەی کۆن بووبێ ؟ ئەمە جۆرە دوودڵی‌و خەم ساردی‌یەك ناگەیەنێ ؟! دواییش ئەڵێ ( وەنەوشە ) بۆ تازە عاشق باشە ، من ئەوەندە لە کوورەی عەشقدا تواومەتەوە ، گوڵاڵەشم وەك خۆم فەرامۆش کردووە(١١) . لە دێڕەکانی سەرەتای شیعرەکەدا عەشقی قەدیمی تازە ئەبێتەوە ، کەچی دوایی خۆی بە عاشقێکی بێ‌وێنە پیشان ئەدا .. ئەم بیرە ناکۆکی‌یەك ئەخاتە شیعرەکەوە . بەڵام بوونی ناکۆکی‌و بازدان لە وێنەکەوەو لە شتێکەوە بۆ شتێکی‌تر زۆر ئاسایی‌یە .

ڕەمزەکانی مەولەوی یان ئەو شتانەی ئەیانکات بە ڕەمز بە ئاسانی گەمارۆ نادرێن‌و مرۆڤ پەیان پێ نابات . ئەڵێ ئەوانەی تازە عاشقن تاوێ بۆنی گوڵاڵەی کاوان‌و تاوێ سەیری شاخەکان ئەکەن . ئەگەر بتوانین گوڵاڵە بکەینە هەر ڕەمزێ خۆمان بمانەوێ ، ئەی کاوان ، شاخ لەم شیعرەدا چی ئەگەیەنێ‌و ڕەمزە بۆ چی ؟ من تەنیا ئەوەندە تێ‌بڕ ئەکەم کە ئەم سەیرکردن‌و ئەم‌لاولاکردنە — دوودڵی — ئەگەیەنێ‌و حاڵی تازە عاشقێ پیشان ئەدات . ئەمەش بەڵگەیەکی قووڵی‌ی شیعرەکانێتی‌و ئەوە دەرئەخات شیعرەکانی سەرەڕای سۆزو مۆسیقاو وێنە شیرینەکانی ، فیکری قووڵ‌و تەلیسماویی سەیر سەیریان تێدایە ، کە ئەوە لەدوای ئەوە ئەتوانێ بە گوێرەی چێژو تێ‌ڕوانینی خۆی ماناو شتی شاراوە لەم شیعرانەدا بدۆزێتەوە ....

مەولەوی بۆئەوەی هاوتاو هاوسەنگی بیرو ئەندێشەی بدۆزێتەوە ، پەنا ئەباتە بەر وێنەی دژ بەیەك‌و هەموو لایەنەکانی ژیان ئەداتە بەر تیشکی بەهرەیی‌و لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا دایان‌ئەڕێژێ . ئەم وێنە دژ بەیەکانەش بەرامبەر یەك ئەوەستن‌و بە ( تداعی لفظی ) ، یەك ئەوی‌تر ڕائەکێشێت بۆ نموونە :

**شیفای ئێش‌و نێش ئەی زامانی سەخت**
**ضیای دیدەو دڵ مەعدوومی بەدبەخت**

بۆ ئێش‌و نێش شیفا هەیە ، بۆ دیدەو دڵی تاریك داهاتووی مەعدومیش ضیا .

یان : بۆنی وەنەوشەی پەڵ‌دێز ، وەفای لەیلی بیر خستۆتەوەو داوە بە لووتدا .

تۆزی دڵی شۆراوەتەوە ، کە ئەمەش شۆراوەتەوە عەشقی کۆن نوێ بووەتەوە .

ئاشکرایە لە ژیان — هونەردا مەسەلەی ( ترابط ) هەیە . ئەم تەرابوتەش ئەرستۆ دۆزیویەتەوەو هێناویەتە ناو و هەر لەم تەرابوتەشەوە (التداعی الحر) وەرگیراوەو گەشەی پێ‌دراوە . هەر کتێبۆکەیەکی دەروونشناسی بخوێنیتەوە ئەم باسەی تێدایە . تەرابووتەکەی ئەرستۆ شتێکە بەبیری هەموو مرۆڤێکدا تێ‌ئەپەڕێ‌و بەتایبەتی لای هونەرمەند خەست و قووڵ ئەبێتەوە . شاعیرێك یان ڕەسامێك کاتێ ئەیەوێ شیعرێ بڵێ ، وێنەیەك بکێشێ ، کە ( شەو )ی بینی ( ڕۆژ )ی بیرئەکەوێتەوە ، ئەم دوو وێنەیە لە دژ بەیەکی‌یەوە بەخەیاڵدا دێن ، یان کە ( قۆزاخەی لۆکە ) ئەبینێ ( کلووی بەفر )ی دێتەیاد، ئەم دوو وێنەیەش لەیەکەوە نزیکن . یان لەگەڵ گوێ لێ‌بوونی گرمەی هەوردا ، چاوی ئینسان چاوەڕوانی

بینینی چەخماخەی برووسکەیە ، لە دراوسیەتی یانەوە بەخەیاڵدا دێن . ئـەم سێ زاراوەیـە ( ترابط ) پێـك ئەهێنن :

١ ــ دژایەتی ( تضاد ) .

٢ ــ لەیەك چوون ( تشابه ) .

٣ ــ دراوسییەتی ( تجاور ) .


لە وێنەكانی ئەم شیعرەدا (شیفا)و (زام)و (ضیاء)و تاریكیی ( دیدەو دڵ ) دژ بەیەكن . هەروەها بەبۆنـەی (بۆنی وەنەوشە)وە ، شاعیر (وەفا)ی بـیركەوتۆتەوە . ئەمەش لەیەكچوونە . ئـەو تازە عاشقەش كـە دەمێ سەیری كاوانو دەمێ بۆنی گوڵاڵە ئەكاتو جۆرە دوو دڵییەك پیشان ئەدات بە ڕای‌من جۆرە نزیكیو بەیەكەوە جووتبوونـێكی تێدایە . چونـكە ئەبێ تـازە عاشق هەر دوودڵ بێو بێ‌پەروا دڵداری نەكاو جاروبار گومان دابیگرێت .

مەبەست ئـەوە نییە مـەولەوی ئەم فیكـرەیەی زانیوە ، بۆیە وای‌كردووە ، نەء ! .. چونكە وەك وتمان نەك شاعیر هەمـوو ئینسانێك ئەم خەیاڵانـەی بەبیردا تێ‌ئەپەڕێ . ڕەنگە مەولەوی ئاگای لە (ترابط،تداعی)هەر نەبووبێ . بـەڵام كەسێك كـە دێت باسـی بەرهـەمی شاعیرێك ئەكات پێویـستە ئەم شتانەش بـاس بكاتو ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێت كە لە جێگای جیاجیاو لەكاتو ڕۆژگاری جیاوازدا ڕەنگە ئینسانی ئەم وەختو شوێنە جیایانـە بـیریان بـۆ یـەك مەسـەلە بچێت . ڕادەی پێشكەوتنو زرووفی ئەو كاتو شوێنەی تیایا ئەژین ، لەگەڵ كۆمەڵێ هۆو سۆنگەی‌تریشدا ئەوە دیاری ئەكەن، كە ئینسانێكیان لەوی‌تریان زیاتر بۆی‌بچێتو باشـتر بوختو گەڵاڵەی بكات .

## كورتە ئەنجامێك

ئەوەی بە وردی ئەم سێ هۆنراوەیە بخوێنێتەوە بۆی دیارئەكەوێت ، ئەمانەش وەك هەموو شیعرەكانی تری مەولەوی زادەی بیری مرۆڤێكن زانایەو دەریایەكی بێ پەیە . ڕێبازی سـۆفیەتی گرتووەو شـیعرەكەشی بۆ سۆفی‌یەتەكەی ڕەخساندووە .

سۆفیزم ڕوانگەیەكە مەولەوی لێوەی ئەڕوانێ . باسـی هـەچ بابـەتێك بـكات بەوپـەڕی وریـاییو هۆشمەندی‌یەوە لەم چوارچێوەیەدا چارەسەری ئەكات. بابەتی مەوزوعی شیعرەكانی رووكەشو رووالەتو لە جەوهـەردا هەسـوونو كۆماجنو دەواری بـیری هەڵئەدەن . شیعری سـروشتو جوانیو غـەزەلو



شین‌نامـەو ئەو نامانـەی بۆ دۆسـتو ناسـیاوەكانی نووسیون ، هەموو لەم سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاون .

مەولەوی لەگەڵ ئەمەشدا شیعری نەكردووە بە فەرهەنگی زاراوە ( مصطلحات )ی سۆفیـەتی ، بەڵكو شاعیرانە تێكەڵی سروشتو ژیان بووەو ڕەمزو وێنەكانی لـەو سـروشتە هەمـەڕەنگەو بەریـنە وەرگرتـووەو دەریخستووە كـە شاعیرێكی بە دەسـەڵاتو توانایەو ئەتوانێ جیهانێكی شیعری بۆخۆی دابهێنێو زۆر بـە دەگمەن زاراوەی سۆفیانەی بەكارهێناوەو كەبەكاریشی هێناوە هونەرمەندانە بەكاری‌هێناوە .

لە پارچە شیعری دووەمو سێ‌یەمدا . مەولەوی شانازی بەخۆیەوە ئەكاتو جـۆرە یاخی‌بوونو سـەر كەشی‌یەكی سۆفیانەی تیایە . بەڵێ ! شاعیر توانیویەتی موعاناتی خۆی لە فۆرمێكی هونەری‌ی بەرزدا دەربڕێت .

## سێ شیعرەكە

ـ ١ ـ

**چون وەڵگ شادیی من وای دووریی لەیل**
**وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو ڕشتەی سوەیل**
**گێج سـەر كاوان جە سەردی بـێن كەیل**
**بۆمـەدان چـون بـۆی بێ‌وەفـایی لەیـل**
**بـێ‌دەس بێ‌چنـار زیـز خاتـر ڕێش**
**بەڵ خاكیش گـەرۆ وەسـەردا پەیوێش**
**وی گـۆڵ وەی وە گۆڵ پەی زەردان دەرد**
**ماسـاو نە سەراو ڕێـزان هەڕزان گـەرد**
**كۆچ گەردەن خاسـان ، چیهرەی ئێلاخان**
**داوۆ وە هەمـەدا دیسـان نـە داخـان**
**ڕۆی حەشر دووری گـەردن بێ‌گـەردان**
**بێ‌وادە پیر كـەرد كاوان سـەر هـەردان**
**هـەور نـەو زار زار گـڵاو ئـەو گڵاو**

مەگێڵـــۆ ئەســـرین مەڕێـــزۆ وەتـــاو
ماچـــی ئـــەویش دەرد هیجـــرانش وەردەن
یا چون من بـــاڵای ئازیز گوم کـــەردەن
وێنـــەی عوقـــدەی پێچ ڕێشەی ئەرواو دڵ
بەســـتە بۆ جە نم خووی مۆبەت زەنـــگل
ســـیلسیلەی پێـــچ پێـــچ زوڵف نـــازاران
زەنـــگەڵە بەســـتەوە جە دانەی واران
قـــازان چـــون یـــاران ئاواتـــە خـــوازان
قەتـــارە بەســـتەن مەکـــەرن رازان
بێ لەیـــل ، ئـــاخ ، ئـــامێ جـــە ئیلاخـــەوە
پـــەی ئاخ داخ تـــەك دان بە (ئاخ داخ )ەوە
جەیـــرانان گەل گەل تازە کەردەن مەیـــل
فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل
چـــەم ســـیاوەکەی وە نـــاز دیـــاکەم
ســـەر رەوێـــڵەکەی جـــە رەم جیـــاکەم
هـــاڵای سەرمەســـتەن وە شـــنوێ لەیـــلاخ
بـــۆی نـــەو پایـــزش نامـــان وە دەمـــاخ
شـــەماڵ شـــۆ هـــۆرکەر بدەر بێ دورەنگ
سەیڵو تـــەم زەردەی دیدەو دڵو رەنـــگ
هوونـــەی ســـەیل چـــەم وە شـــەتاوان‌دا
تـــەم دڵ وە رووی زاخـــان کـــاوان‌دا
زەردەی رەنگ نە وەڵگ نەوتووڵ نەمامان
تـــاڵێش مالـــوم بـــۆ نـــەو پایز ئامـــان
مەپرســـۆ بـــەو مەیـــل بـــێ سامانەوە
هـــای چ خەبـــەرەن جـــە دامانـــەوە
واچـــە پـــڕ جە تۆ جە وێ فـــەرامۆش
من دیم ، تـــۆ حاڵش نەژنـــەوی وەگـــۆش
دیدەش یەند خەیـــاڵ بالات بی تیشـــدا
راگەی خـــاو نـــەبی بویـــەرۆ پێشـــدا
با بـــۆی دەرد مـــارۆ وە رووی هامـــواندا
یەنـــد گێلان بـــەو دەرد شەر نە دەرووندا
زایـــفیش گـــرەو جـــە کـــا بـــەردەبێ
بای هەناسەی ســـەرد گێج پێش وەردە بێ
گێج مـــەوەرد پووشیش بـــەو هەناســـەوە
سروەی پووش مەوات جە رووی تاسەوە :
ئازیـــز شـــۆخ شـــەنگ شـــیرین تـــارەنی
ئاهـــووی بێ ئاهـــووی وەش رەفتـــارەنی
جەڵـــەو جەڵـــەو گـــەل ســـپی تەتـــاران
دیـــن دیدەکـــەت وە چـــەم مـــداران
ئێلاخـــان ســـەردەن بازشـــان ، ئامـــان
گەرمەســـێر وەشـــەن بـــۆرێ وە دامـــان
تا گێـــران یـــاران ئاهوان رەم رەم
باجت وە گـــەردەن ، خـــەراجت وە چـــەم

دیوانی مەولـــەوی ل ١٦٠ ، ١٦١ ، ١٦٢ ، ١٦٣ ، ١٦٤ ، ١٦٥ ، ١٦٦ .

– ٢ –

گـــەرد ئالـــوودەن دەور مـــەزار لەیـــلێ
ئاو پاشـــیو مـــالاش لازمـــەن خـــەیلێ
خـــادمەی توربـــەت نـــازك ئەنـــدامان
پـــەی دیـــدەو موژگان مەعـــدوومی ئامـــان
ئـــاو پاشیی ، رەویـــەی دیدەی نم دیدەم
مـــالاش ، وەظیفـــەی مـــوژەی نمیـــدەم
گـــەردێ نـــێ وە رووی یانـــەی نۆشـــەدا
یا خـــەوشێ وە حـــەوش عەنبەر بۆشـــەدا
پاس نازکیی لەیـــل یاگەی وێشـــەن
جای موشـــاهەدەی قـــەیس دڵ ڕێشـــەن
بـــەڵ بـــاڵای ئالاش وە صەد خـــەم و چەم
باز وینوون بێ‌خـــەم وەی چەم یا ئەو چەم
مەعـــدووم تاویـــاو دووری زۆر ئـــاوەرد
تاویـــاو بینـــای قســـەی پەشێو کـــەرد
ماخۆلیـــای یـــاو ئینـــە خدێشـــەن
وەرنـــە ئـــەی خەیـــاڵ پەرێشـــان چێشـــەن
فەصل وەصـــل بەزم خاصـــەی نەدیمـــان
خـــاوێ بـــی ویـــەرد ، دیـــمان نەدیـــمان
بەتاڵـــەن هـــەوای دۆس کـــۆچ کـــەردە
مەحاڵـــەن ئامـــای عومـــر ویـــەردە
بنیش نەگێجـــاو دەریـــای بێ‌پـــەی‌دا
نە گۆشـــەی حوجـــرەی سەفینەی مەی‌دا
رووت رووت ئەو جیلوەی سارە کەر راس
باخـــودا وە ئیخـــلاس ، ناخـــودا مەنـــاس
تـــا بـــاد مـــراد نەپێـــوارەوە
کـــەی بـــدۆت ئاخـــر ئـــەو کەنـــارەوە

دیوانی مەولەوی ل ٣٦٣ ، ٣٦٤ ، ٣٦٥ .

– ٣ –

شیفای ئیش‌و نێش ئەی زامـــانی سەخت
ضـــیای دیـــدەو دڵ مەعدوومی بەدبـــەخت
دەستەی وەنەوشـــەی پـــەل دێـــزت یـــاوا
بۆش بۆی وەفـــای لەیل نـــەدەماخ ســـاوا
گـــەرد دەرد ڕێش دەروون بـــەردەوە
عەشـــقەکەی قـــەدیم تـــازە کـــەردەوە

**سەودای وەنەوشەی پەلدێز باخان**
**هەوای گولاڵان سەر کاوان زاخان**
**پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ**
**ئیبتیدای خێزیای دوود سەردەش بۆ**
**کەرۆ مەشق عەشق وێنەی منالان**
**گا سەیر کاوان ، گا بۆی گولاڵان**
**نەك چون من صەرعی سادار مەردە**
**لافاو دەردان دڵ وێران کەردە**
**کوورەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن**
**گوڵاڵەم چون وێم فەرامۆش کەردەن**

دیوانی مەولەوی ل ٣١٧ ،

**پەراوێز :**

(١) **دزێکی یەناخی** ( یەناخی ناوچەیەکە لەنزیك تاوگۆزی‌یەوەیە ) جارێك ماڵێ ئەبرێو ئەیەوێت ماڵە دزێنیەکەی بشارێتەوە ، هیچ کوێ‌یەکی لاچەپی وەك گۆڕستانەکەی مەولەوی‌ی دەس ناکەوێ . ناچار لەوێدا ئەیشارێتەوەو ئەڵێ : « ماڵت ئاوابێ مەولەوی ئەمە بیست ساڵە من دزم مەکۆی وەك ئەم گۆڕستانەی تۆ لاچەپم بەر هەوێڵ نەکەوتووەو نەدیوە » .

لەماڵی ( سەید موحسین )ی نەوەی مەولەوی چەند قەباڵەیەکم بینی ، مۆری عەبدوڵلا پاشایان پێوەبوو . بەپێی یەکێ لەو قەباڵانە عەبدوڵلا پاشا لایەك لەدیهاتی ئەو ناوەی کردۆتە موڵکی مەولەوی . بەڵام ئەم ئەوەندە لەدنیا بێزار بووە هەر بەلاشیاندا نەچووەو وازی لێ‌هێناون . ئەمە بەڵگەی ئەوەیە مەولەوی بەڕاستی سۆفی بووەو لەگەڵ ئەو بیرەدا کە باوەڕی پێ‌ی بووە زۆر ڕاستگۆو دڵسۆزو بێ‌گەرد بووە .

(٢) **کاتێ** دەربارەی ئەدیبێك ئەدوێین ئەبێ کاتو شوێن لەیاد نەکەین‌و نەیەین بەپێوانەی ئەو ڕۆژگارەی خۆمانی تیا ئەژین بەرهەمی ئەو ئەدیبە بپێوین‌و داوای لێ‌نەکەین کوت‌ومت ئەبوایە وەك ئێمە بیری‌بکردایەتەوە . سۆفیزم‌و بەتایبەتی ڕێبازی نەقشی ، یان بڵێین هەڵگرانی ڕێبازی نەقشی زوربەیان زانابوون‌و ویستویانە لە ئاین‌و بووندا قووڵ ببنەوەو زیاتر بۆ دۆزینەوەی نهێنی‌یەکانی ئینسان‌و گەردوون پەل بهاون . مەولەوی‌ی ئێمەش یەکێك‌بووە لەو کەڵە زانایانەو لە ڕۆژگاری خۆیدا توانیویەتی بەپێ‌ی بیرکردنەوەی خۆی خزمەتی زانست‌و ئینسانی‌ی کۆمەڵەکەی بکات .

گۆرانی نەمر لە وتارێکیدا ئاوا دەربارەی مەولەوی ئەدوێ : « قەڵەمە پاراوەکەی مەولەوی لەدەستی تۆدا ( مەبەستی پیرەمێردی شاعیرە ) پیتێکی تازەبابەتی نیشتمانی خستە سەر خەرمانی بەر . بەڵام بەتێکڕایی جێگای چەکی نەبەردو خەباتی نەئەگرتەوە . چەشنە سازێکی خۆش ئاواز بوو ، بەدەنگێکی نەرم‌و شیرین بانگی ئەکردە گەل بۆ چاوکردنەوە، نەك بۆ ڕاپەڕین ، بۆ هوشیار بوونەوە لەڕێگای بینین‌و چەشتنی بابەتی جوانەوە نەك بۆ هەڵسانە سەرپێ بەدەم نرکەی تێ‌خووڕینەوە !

شیعری بابەتی جوان ، شیعری بیرولێکدانەوەی وردو ڕەنگین سنووری ماوەو سەردەمی بەرەلایە ـ لە هەموو کاتێکا ، لەناو هەموو بەرەو باوەڕێکا پەسندکەر بۆخۆی ئەدۆزێتەوە ـ لەم ڕووەوە تەنانەت لەناو بێگانەشا ، لەناو دوشمنیشا (رووی دەم لە پیرەمێردە) دۆست‌و ئاشنات پێکەوەنا » . ( گۆران ، وتاری مامۆستا گۆران ، یادی پیرەمێرد ، بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف ، ١٩٥١ ، ل ٩٧ ) .

لێکۆڵینەوەی شیعری مەولەوی شتێکی هەروا ئاسان نی‌یە . من چەند ساڵێکە خەریکی ئەم کارەم . بەڵام تا ئێستەش هەوڵ‌و تەقەلام ـ لە سنووری خوێندنەوەی بەردەوامی شیعرەکانی‌و هەندێ وردە تێبینی نووسین‌و چەند وتارێك‌و خوێندنەوەی سەرچاوەی تەصەوف ـ دەرنەچووە ...

ئاشکرایە ئەو مانا لێ‌دانەوەو شەرحەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هی دیوانی مەولەوی‌ی کردووە . کلیلێکی زۆر چاك‌و بەنرخەو ئەرکی سەرشانی ئەو کەسانەی سووك کردووە کە ئیمڕۆ یا لە دوارۆژدا لەسەر ئەم شاعیرە ئەنووسن‌و تەنیا سەرچاوەیەکی بەکەڵك بووە بۆ من چ لەم وتارەو چ لەوتارەکانی پێشوودا و لە سوود وەرگرتنی لەمەودواشدا پەنای بۆئەبەم .

لای من نووسین دەربارەی مەولەوی پێویستی بەوە هەیە کە دیراسەیەکی چاکی باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌ی ئەو سەردەمە بکەیت‌و هەوڵی ئەوەش بدەیت کە بەشوێن ڕەگ‌وڕیشەی ئەو هۆیانەدا بگەڕێیت‌و بەزانست بیسەلمێنیت بۆچی شێوە « دیالێکت »ی گۆرانی لەو قۆناغە مێژوویی‌یەی میللەتەکەماندا بووەتە زمانی ئەدەبی . هەروەها بەراوردێکی بەرهەمی شاعیر لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا بکەین پێش ئەم‌و لە سەردەمی ئەمدا بەشێوەی گۆرانی شیعریان وتوە.

جگه لەمانەش پێویستە بەرهەمی ئەو شاعیرە فارسانە بخوێندرێتەوە کە تەئسیریان لە مەولەوی کردووە . زانینی هەندێ ڕووداوو ئەو بۆنانەی شاعیر شیعرەکانی تیا وتوون کارێکی باشەو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم زۆری دەست نیشان کردوون .

خوێندنەوەو شارەزابوونی تەصەوف بە گشتیو ڕێبازی نەقشی بەتایبەتی زۆر پێویستە. سەرەڕای ئەمانە هەموو شیعرەکانی شاعیر وەك کۆمەڵە تێکستێك جیهانێکی تایبەتینو ئینسان لە خوێندنەوەی بەردەوامو وردەوە ئەتوانێ زۆر لایەنی نهێنیو شاراوەیان تیا بدۆزێتەوەو زیاتر بەرهەمو بیری ئەم شاعیرە مەزنە بداتە بەر تیشك . کردنی ئەم هەموو کارەش بەمانگێو دوو مانگ مەیسەر نابێ و منیش ئەگەر بتوانمو دەرۆستی بێم ئەوا لەپاشەڕۆژدا بەگوێرەی ئەم پلانە هەوڵێك ئەدەم .

(٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ، دیوانی مەولەوی ، بەغدا ، ساڵی ١٩٦١ ، ل٤٥ .

(٤) ئەمە حاڵێکی سۆفییەکانەو خۆیان پێی ئەڵێن « الفناء » : « لەبەرئەوەی سۆفی لەوجودا هەر تاكو تەنیا ئەبینێ ، خۆشی نابینێ ، کە خۆشی نەبینی مانایوایە لە یەكبووندا تواوەتەوەو ون بووەو خۆیو هەموو خوڵقێنراوێکی لەیاد کردووە » . بڕوانە : عثمان علی عیسی ، الانسان عند الغزالی ، ترجمە خیری حماد ، القاهرە ، ١٩٦٤ .

(٥) مردن لە سۆفیزمدا زۆر جار شیکراوەتەوەو تەعریف کراوە لێرەدا بۆ بەڵگەی قسەکانمانو بۆ ساغکردنەوەیو نزیکییان لە بیری شاعیرەوە ئەم تەعریفانە ئەخەینە پێش‌چاو :

« لە جیهاندا وەستانی موتڵەق نییە . لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر ئەگۆڕێت ، دەرەوەو ناوەوە هەیە ، جوڵانەوەی بینراو و نەبینراو هەیە . لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین مردن عەدەمێکی رووتە ، نەء !. گۆڕانە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکیتر» . بڕوانە: د. مەحمود قاسم، محیالدین ابن عربیو لیبنتز ، قاهرە ١٩٧٢ ، ل٤٥ .

ژیان لەو مەرگەدایە ، چونکە ئەو مردنە زیندەگی نەمرە . خۆشەویستی تۆ ئەمرێنێتو لەو مردنەدا زیندەگیو ژیانێکی باشترو رەوانترت پێئەبەخشێت . بڕوانە : صدرالدین محلاتی شیرازی ، مکتب عرفانی سعدی ، چاپ مرکز بهداشت روانی ، شیراز ، مهرماه ١٣٤٦ ، ل٢٧٢ .

(٦) ئەمە ئەم حاڵە ئەگەیەنێ : « لە ئازیز زیاتر هیچ کەسێ نابینن ، لەویش زیاتر گوێیان لە هیچ‌کەس نابێت ، لەو زیاتر باسی چ شتێکیتر ناکەن ، بەتەنیا ناوی ئەو ئەهێنن . لەم حاڵەدا بزڕکاندنو شێتی دەست پێئەکات » . بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ــ ل٢٢٩ .

(٧) شاعیری ئینگلیزی ولیەم بلیك ( ١٧٥٧ ــ ١٨٢٧ ) ئەڵێ : « ئەرکی سەرشانی شاعیر ئەوەیە کە ساتێکی تەمەن کورت بگرێتو گیانێکی ئەزەلیو نەمری بەبەردا بکات . مرۆڤ وائەکات بۆئەوەی بەرگێکی ئەبەدیو نەمر بکاتە بەر ئەو کاتانەی ئەڕۆنو بەسەر ئەچن » . ( گۆڤاری الاداب ) ، دکتۆر زکریا ابراهیم ، وتاری (بین المیتافیزیقا والشعر ژمارە ٣ی مانگی ئازار ، ساڵی دەیەم ، بیروت ، ١٩٦٢ ، ل٢٢ .

(٨) زۆر جار مەولەوی بەشێوەیەکی سەرەتایی هونەری مەنەڵۆگی بەکارهێناوە . مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە دیوانی مەولەویدا لە زۆر شوێندا دەس‌نیشانی کردووە ، بەڵام ئەفەرموێت کە قسە لەگەڵ نەفسی خۆیدا ئەکات . بێ‌گومان جۆرە مەنەلۆگێکی سەرەتاییەو نرخێکی هونەریی هەیە . ( مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ، سەرچاوەی پێشوو ) .

(٩) ئەم وێنانەی مەولەوی کێشاونی لەگەڵ هەندێ وێنەی سۆفیانەدا یەك ئەگرنەوەو وێنەکانیش زادەی چەند زاراوەیەکن یان بوون بە روخسار بۆ دەربڕینی ئەو زاراوانە . هەرچەندە مەولەوی زۆرکەمو بەدەگمەن زاراوەی سۆفییانە لە شیعردا بەوشکیو بێ‌گیانی بەکاردێنێ . بەڵام وێنەی کەشتیو دەریای بێ‌پەیو چاوەڕوان‌کردنی بای مراد لەم زاراوانەوە نزیکن :

« تواجد ــ پەیوەندی بە وجدەوە هەیە (بینینی دەریایە ) .

وجد ــ بەبێ دەسەڵات واز لە (وجود) هێنانەو توانەوەیە لە ( وجود منبسط )دا . ( بە دەریادا سەفەرکردنە ) .

وجود ــ پلەی سێیەمەو توانەوەی تەواوەتییە ( خنکانە لە دەریادا ) » بڕوانە : صدالدین محلاتی، مکتب عرفانی سعدی ، ل٦٥ .

(١٠) لەو شتانەی کە دەماودەم ئەیگێڕنەوە ، پەیوەندی مەولەویو شێخی ضیاالدین جارو بار ساردو سڕ بووە . ئاشکراشە مەولەوی زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ شێخ بهاالدیندا بەهێزبووە .

# ڕێبازی کۆڕی ڤیێنا

حەمید عەزیز

## پێشەکی :

دوور نارِۆین ئەگەر بلێین دانانی بنچینەیەکی نەگۆڕاو بۆ زانستو لێکنزیککردنەوەی زانستو فەلسەفەو ڕزگارکردنی فەلسەفە لەباری سەرنجی نازانستیو میتافیزیقا بەشێکی هەرە گرنگی ئەو هەوڵو تەقەللایە بووە کە زاناو فەیلەسوفو ماتماتیکناسان داویانە لە چەرخی نوێدا . ئەم کۆششەش بەرەکەی لەچەند ڕێبازێکدا هاتۆتە دی ، کە هەر ڕێبازەش ناوەرۆکو بابەتی تایبەتی خۆی هەبووە ، وە ئەگەر بە ڕواڵەت بەرنامەو بابەتی ڕێبازێك لە هینی ڕێبازێکیتر جیاواز بووبێ ئەوا لەمەبەستە گشتییەکەدا بەرەو یەك ئامانجو ڕماندنی یەك نیشانەو قەڵا هەنگاویان ناوە .

کۆڕی ڤیێننا لەو ڕێبازانەیە کە هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە لەزانستەوە هەڵیهێنجاوەو ڕێگای زانستییانەی گرتۆتە بەر بەرەو ئەو مەبەستەی هەوڵی بۆداوە .

کەوابوو ئەم کۆڕە کەی دروست بووە ؟ بەرنامە گشتییەکەی چییە ؟ هەڵویستی چۆنە بەرامبەر بە فەلسەفەو زانست ؟ چۆن کێشە گرنگەکانی مرۆڤایەتی هەڵئەسەنگێنێ ؟ چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە فەلسەفە گیری بەدەستەوە خواردوون ؟ .

لەساڵی ١٨٩٥دا لە زانستگای ڤیێننا ـ پایتەختی ئیستای نەمسا ـ بەشێك کرایەوە بەناوی [ فەلسەفەی ئەو زانستانەی ئیندەکشن ئەگرنە بەر ـ فلسفه العلوم الاستقرائيه Inductional Sciences ] وە پرۆفیسۆر ئارنست ماخ کرا بە مامۆستای ئەو بەشە(١) . ماخ لە ماوەی سەرپەرشتیکردنی ئەم لقەدا بەنووسینو لێکۆڵینەوە دەورێکی کاریگەری گێڕا لە نزیککردنەوەی بنچینەی فەلسەفە لە زانست ، چونکە ماخ هەروەکو زانایەکی فیزیایی بوو شارەزایی لە فەلسەفەو ماتماتیك ـ الرياضيات ـ دا هەبوو .

**وە لەساڵی ١٩٢٢ موریتس شلیك کورسی مامۆستایی ئەو فەلسەفەیەی لە زانستگای ڤیێنا پێدرا . دانانی پرۆفیسۆر شلیك لەمشوێنەدا بەدانانی بەردی بناغەی کۆڕی ڤیێننا ئەژمێردرێ .**

لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵە قوتابیو فەیلەسوفو زاناو ماتماتیکناسو سۆسیولۆجیستو لۆجیکزانو مێژوونووس لە دەوری شلیك کۆبوونەوەو بڕیاریاندا هەفتەی جارێك کۆببنەوە بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنی کێشە گرنگەکانی فەلسەفەو پەیوەندیی بە